# خوشكی موسڵمان :
# تۆ دەبێت چۆن بیت؟

✍ : **شێخ مقبل بن هادی الوادعی** ( رحمه الله)

وەرگێڕانی: **دایكی سوننه**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمــد لله رب العــالمين والــصلاة والـسلام علـى نبينـا محمـد وعلـى آلـه وصحبه أجمعين .

١ ـ ئـافرەتی سـەلەفی دەبێـت دەسـتگرتوو بێـت بـه قورئـانی پـیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ له سنوری توانایدا، وه بـەپێی بۆچـوونی پێـشینه چـاكەكانی سـەلەف و پێـشینی ئـەم ئوممەته بێت .

٢ ـ وه هەروەها پێویسته لـه سـەری كه به جوانترین شێوە هەڵسوكەوت لەگەڵ موسـڵمانانداا بكـات، بـەڵكو لەگـەڵ بێباوەڕانیـشدا، خـوای پـەروەردگار لـه قورئانـدا فەرموویـەتی: ﴿ وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا ﴾ (البقرة: ٨٣).

واته: با ووتـەو گوفتارتـان بەگـشتی بەباشترین شێوە بێت لەگەڵ خەڵكدا .

وه فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا ﴾ (النساء: ٥٨).

واته: خوای پـەروەردگار فـەرمانتان پێ دەكات هەموو ئەمانەتێك بگەڕێننـەوه بۆ خاوەنەكانیان .

هەروەها فەرموویەتی:

﴿ وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا ﴾ (الأنعام: ١٥٢).

واته: ئەگەر گوفتارێكتان ووت تێیـدا دادپەروەر بن .

دیسان فەرموویـەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ ﴾ (النساء: ١٣٥). واته: ئـەی ئەوانـەی كـه بـڕواادارن هەمیشه هەستن به دادپـەروەرێتی، و لـه

هەموو گوفتـارو کردارێکتانـدا دادپـەروەر بــن، و گــەواهی دانتــان لەبــەر خــوای پــەروەردگار بێــت، ئەگــەر گــەواهی دانەکەشـتان لەسـەر خۆتـان بێـت، یـان لەسـەر یـەکێك لـە بـاوك و دایکتـان، یـان لەسەر کەسێکی نزیکتان .

٣ ـ هــەروەکو چــۆن لــە ســەری پێویـستە کـە پابەنـد بێـت بـە پۆشـاکی شــــەرعی و دوور بکەوێتـــــەوە لـــــە خۆشوبهاندن بە دوژمنانی ئیسلامەوە[١] .

پێشەوا (أحمد) لـە (مسند) ەکەیـدا، و لە (عبداللە) ی کـوڕی (عمر) دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: (من تشبه بقوم فهو منهم) [٢].

واتە: هەرکەسێك خۆی بەهەر گەل و قەومێك بشوبهێنێت ئەوا لەوان دەبێت .

وە خـوای بـالا دەسـت سـەبارەت بـە پۆشاك فەرموویەتی:

﴿ يَـا أَيُّهَـا النَّبِـيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ﴾ (الأحـزاب: ٥٩).

واتــە: ئــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرمان بکەو بڵـێ بـە هاوسـەران و کـچ و ئافرەتی بڕواداران کـە بـالا پۆشـە (عابـا) کانیــان بــە خۆیانــدا بــدەن، ئــەوەش باشترین شتە کـە بـە حیـشمەت و حـەیاو پاکێتیــەوە بناســرێنەوە، بــۆ ئــەوەی تووشی ئەزیەت و ئازار نەبن .

وە پێـشەوا (الترمذي) لـە (الجــامع) ەکەیـدا و لـە فـەرموودەی (عبــداللە) ی کـوڕی (مــسعود) ەوە دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(المرأة عورة، فإذا خرجت استشرفها الشيطان)[٣].

واتــە: هــەموو لەشــی ئــافرەت بــە عەورە دەژمێردرێت، بۆیە ئەگەر ڕۆیـشتە دەرەوە شەیتان دەیڕازێنێتـەوە، و دەری دەخات .

[١] وەك: لــە بــەرکردن و پۆشــینی پــەنتۆڵ، و ئــەو پۆشاکانەی کە بەناتەواوی یان بە نیوە لەشی ئافرەتـان دادەپۆشـن، و هۆکـارن بـۆ ڕاکێشانی سـەرنجی پیـاوان بۆیان .

[٢] (صححه الألباني في صحيح سنن أبي داود: ٤٠٣١ ) .

[٣] (قال أبو عيسى: هذا حديث حسن غريب، وصـــححه العلامة الألباني في: صحيح سنن الترمذي، بـــرقم: ١١٧٣، وفي المشكاة (٣١٠٩)، و الإرواء (٢٧٣)، والتعليق علـــى ابن خزيمة (١٦٨٥).

٤ ـ وە ئامۆژگاری بەوە دەکەین کە چاکەکار بێت بەرامبەر مێردەکەی، ئەگەر دەیەوێت ژیانێکی بەختەوەر بەسەر ببات، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(إذا دعا الرجل امرأته إلى فراشه فأبت لعنتها الملائكة )[٤].

واتە: ئەگەر پیاو بانگی هاوسەرەکەی کرد بۆ سەرجێگەیی، کەچی هاوسەرەکەی نەهات بەدەم داواکاریەکەیەوە، ئەوا فریشتەکانی خوای پەروەردگار نەفرینی لێ دەکەن .

وە لە (صحيح) ی پێشەوا (مسلم) دا هاتووە کە:

(إلا كان الذي في السماء غاضبا عليها ).

واتە: ئیللا ئەوەی کە لە سەروی ئاسمانەکانەوەیە توڕەیە لەو ئافرەتە کە نەڕۆشتووە بەدەم مێردەکەیەوە .

٥ ـ هەروەها پێویستە هەستێت بە چاودێری منداڵەکانی، چاودێریەکی ئیسلامیانە، چونکە پێشەوایان (البخاري و مسلم) لە (صحيح) ەکەیاندا دەگێڕنەوە لە فەرموودەی (عبدالله) ی کوڕی (عمر) کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته)[٦].

واتە: هەمووتان سەرپەرشتیار و شوانن، و هەمووشتان بەرپرسن بەرامبەر بە ژێر دەستەکەتان .

وە لە فەرموودەکەدا هاتووە کە باس لە ئافرەت دەکات دەفەرمووێت:

(والمرأة راعية في بيت زوجها، ومسؤولة عن رعيتها)[٧].

واتە: ئافرەتیش سەرپەرشتیارە لە ماڵی مێردەکەیداو بەرپرسیاریشە لە ژێردەستەکەی .

وە لە هەردوو (صحيح) ی پێشەوایان (البخاري ومسلم) دا، و لە فەرموودەی (معقل) ی کوڕی (اليسار) هاتووە، و فەرموویەتی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(ما من راع يسترعيه الله رعيه، ثم لم يحطها بنصحه إلا لن يجد رائحة الجنة ).

---

[٤] (متفق عليه) .

[٦] (متفق عليه) .

[٧] (متفق عليه) .

واتە: هیچ کەسێك نییە کە خوای پەروەردگار ژێردەستەیەکی خستبێتە ژێر دەست، و ئامۆژگاریان نەکات، ئیللا بۆنی بەهەشت ناکات .

بۆیە نابێت بانگەشە کردنی سەرقاڵی بکات لە پەروەردەی منداڵەکانی .

٦ ـ هەروەکو پێویستە لەسەری کە ڕازی بێت بەو حوکمەی خوای پەروەردگار کە فەزڵی پیاوانی داوە بەسەر ئافرەتاندا، کە فەرموویەتی:

﴿ وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ ﴾ (النساء: ٣٢)،.

واتە: ئاوات و تەمەننای ئەو چاکانە مەکەن کە خوای پەروەردگار بەهەندێکتانی بەخشیوەو، بەهەندێکی ترتانی نەبەخشیوە .

وە فەرموویەتی:

﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ ... ﴾ (النساء: ٣٤).

واتە: پیاوان هەڵدەستن بە بەڕێوەبردن و پەروەردە کردنیو ئیصلاح دانی بژێوی و جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی ئافرەتان، ئەوەش بەوەی کە خوای پەروەردگار هەندێکی بەچاکتر داناوە بەسەر هەندێکی تریانەوە ـ واتە پیاوان پێش خراون بەسەر ئافرەتانەوە ـ، ئەوەش لەبەر گشتی بەخشینیان لە سامان و ماڵەکانیان و هەستانیان بە سەرپەرشتیاری کردنیان بۆ ئافرەتان، جا ئافرەتانی بۆ خوا صوڵحاو ئەو ئافرەتانەن تەقوای خوای پەروەردگار دەکەن، و گوێڕایەڵن بۆی، و گوێڕایەڵی مێردەکانیانن، تەنانەت لە کاتی نەبوونیشیان لە ماڵ گوێڕایەڵ و پارێزەری پیاوانیانن .

وە لە هەردوو (صحیح) ی پێشەوایان (البخاري ومسلم) دا هاتووە لە (أبو هريرة) ەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(استوصوا بالنساء خيرا، فإنهن خُلقن من ضِلع، وإن أعوج ما في الضِلع أعلاه، فإن ذهبت تقيمه كسرته، وإن تركته لم يزل به عوج ).

واتە: ئامۆژگاری وەرگرن لە باسی ئافرەتاندا، و خۆتان یەکتر ئامۆژگاری بکەن لە باسی ئافرەتاندا، چونکە دایکە حەوا لە پەراسوی باوکە ئادەم دروست

کراوە، ئاشکراشە کە لارترین جێگەی پەراسووش بەشی سەرەوەیەتی، بۆیە ئەگەر بتەوێت زۆری لە گەڵدا بەکار بێنیت دەیشکێنیتو، لەیەك جیا دەبنەوە، جا ئەگەر بەو شێوەیە بیهێڵیتەوە باشترە .

بۆیە لەسەر ئافرەت پێویستە کە ئارام بگرێت لەسەر ئەوەی کە خوای پەروەردگار بڕیاری لەسەر داوە لە فەزڵدانی پیاو بەسەریەوە، ماناشی ئەوە نییە کە پیاو ئافرەتەکەی بکات بە بەندەی خۆی، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەکو لە (جامع الترمذي) دا هاتووە - فەرموویەتی:

(استوصوا بالنساء خيرا، فإنما هن عوان عندكم، لا تملكون منهن غير ذلك، ألا وإن لكم في نساءكم حقا، ألا وإن لنسائكم عليكم حقا، فحقكم عليهن أن لا يوطئن فرشكم من تكرهون ولا يأذنّ في بيوتكم من تكرهون، وحقهن عليكم أن تحسنوا إليهن في طعامهن وكسوتهن).

واتە: ئامۆژگاری وەرگرن لە باسی ئافرەتاندا، و خۆتان یەکتر ئامۆژگاری بکەن لە باسی ئافرەتاندا، چونکە ئافرەتان وەکو دیلن لە لای ئێوە، هیچ بەدەستی ئێوە نییە جگە لەوەی کە شەرع بۆی داناون، ئەوەش بزانن کە ئێوە هەندێك مافتان بەسەر ئافرەتەکانتانەوە هەیە، وە هەروەها ئافرەتانیشتان هەندێك مافیان بەسەر ئێوەی پیاوانەوە هەیە، جا مافی ئێوە بەسەر ئەوانەوە ئەوەیە: کە کەسانێك - کە ئێوە پێتان خۆش نییە - لە جێگەی تایبەتی ئێوە دانەنێن لە ماڵەکانتاندا، وە ئیزن و ڕێگەش نەدەن بەکەسانێك کە بێنە ماڵەکانتان لەوانەی کە ئێوە لێیان ڕازی نین، وە مافی ئەوانیش بەسەر ئێوەوە ئەوەیە کە چاکەکارو کردەوەچاك بن لە گەڵیاندا لە خواردن و پۆشاکیاندا .

وە لە پەرتوکەکانی سوننەتدا، و لە (مسند) ی پێشەوا (أحمد) دا هاتووە لە فەرموودەی (معاوية) ی کوڕی (حيدة) دا هاتووە کە پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مافی هەریەك لە هاوسەرەکانی ئێمە چییە بەسەرمانەوە؟ ئەویش فەرمووی: (أن تطعمها إذا أطعمت، وتكسوها إذا اكتسيت، ولا تضرب الوجه، ولا تقبح، ولا تهجر إلا في البيت ).

واتە: خواردنی بدات کە پێویستی پێ بوو، وە ئەگەر پێویستی بە پۆشاك بوو بۆی بکات، و لە ڕووی نەدات، پێی نەڵێت خوا رووت ناشیرین بکات، و هەجرکردنیشی ـ واتە: قسە نەکردن لە گەڵیدا ـ تەنها لەماڵدا بێت .

پاشان چی ـ پەروەردگار بەرەکەتی خۆیت بەسەردا بڕێژێت ـ کە پێویستە هەمووومان هاریکاری یەکتر بکەین لە سەر چاکە: پیاوان بە هەڵسوکەوتێکی ئیسلامیانە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ هاوسەرانیان، و یارمەتیدەریشیان بن لە فێربوونی زانستی شەرعی، و بانگەشەکردن بۆ لای خوای پەروەردگار .

لە بەرامبەریشدا ئافرەتان بە هەڵسوکەوتێکی ئیسلامیانە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ مێردەکانیان، و یارمەتیدەریشیان بن لە فێربوونی زانستی شەرعی، و بانگەشەکردن بۆ لای خوای پەروەردگار، وە لە چاك بەڕێوە بردنی ئەوەی کە لە ماڵەکانیاندایە .

لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ﴾ (المائدة: ٢).

واتە: هاریکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکە و لەخواترسان، وەنەکەن هاریکاری یەکتر بکەن لەسەر تاوان و ستەم لەیەکترکردن .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**.